

سەرهەنگ حەمە ساڵح

# ساڵی نوێت پیرۆز ...!

کاتژمێر میللی چرکەی

لە دوانزە تێ پەڕی

لەگەڵ یەکەم ساتی ساڵی نوێدا

ساڵێک لەتەمەنی تۆ دەڕوا

چەندەها ساڵیش

لە عومری من ... !

وەلێ چاوەڕوانی

چەند ئازارێکی نامۆیە ...

لە تەنیایی‌و بێ تۆیی دا ...

چرکە پڕ حەسرەتەکانی ژین

بە بێ ئەوەی

ئاوڕ لەژمە تینووەکانی

ئەوینی من بدەنەوە ...

دێن‌و دەڕۆن

منیش لە چاوەڕوانی دا

هەر ساتێکم تەمەنێکە

هەر چرکەیەکیشم ساڵێکە ... !

وەرە با ئاسمانێک

لە دەریای خۆشی

چێ بکەین ...

بۆ بارانی ئەوینی ئەمساڵمان

گریانێک بۆ خۆشی

ئەشکە بێ ئارامەکانمان

ساز بکەین ... !

با برینی زامی سەختی

چاوەڕوانی

لە باوەشمان بتوێتەوە ...

تەمەنم نۆژەن بێتەوە

ئەو سا پڕ بە دڵ پێت دەڵێم

ساڵی نوێت پیرۆز ... !